# دەستی (دز) دەبڕدرێتەوە بەهۆی (دزینی) چارەکە دینارێک یان زیاتر

له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: دەستی (دز) دەبڕدرێتەوە بەهۆی (دزینی) چارەکە دینارێک یان زیاتر».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە خوێن وناوبانگ (شەرەف) وسامانی خەڵکی پاراستووە، بە هەموو هۆکارێک کە دەستدرێژکەرەکان بوەستێنێت؛ بۆیە سزای دز (ئەو کەسەی پارە یان شتومەکی شوێنێک دەبات) دەست بڕینەوەیە، بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی لێخۆشبوون لە تاوانەکانی وببێتە هەڕەشە بۆ کەسانی تر کە دەیانەوێت ڕێگای پیس وچەپەڵی بگرنە بە بۆ پەیداکردنی سامان، وبۆ ئەوەی خەڵکی خۆیان ڕێگای شەرعی دروست بگرنە بەر بۆ پەیداکردنی سامان کە نەفسەکان شکۆدار دەکات ئەمیش دەبێتە هۆی زۆربوونی کار وپیشە ودەرهێنانی بەرووبوم وبوژاندنەوەی سەر زەوی. وله حیکمەت ودانایی خودا ئەوەیە کە ئەو ڕێژەیەی کە ئەگەر لێی تێپەڕ ببێت دەست دز دەبڕێتەوە بریتیە لە سێ درهەم واتا (چارەکە دینارێکی ئاڵتون)، ئەمیش بۆ پاراستنی ماڵ وسامانەکان، وپاراستنی ژیان، وبۆ ئەوەی ئاسایش بڵاو ببنەوە، ونەفس ودەروونەکان ئارام وهێور بن، وبۆ ئەوەی خەڵکی بڵاو بکەنەوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان وسامان و وەبەرهێنان. وئەم بڕەش یەکسانە بە یەک گرام ویەک لە سەر شازدەی گرام واتا: 1.06 گرام، چونکە دینارێک دەکاتە 4.25 گرام.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee